# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەیییە؛ نها.

ژمـــــارە **٤٧**

٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧١٩



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە**

کوردستان حاجبی
منیرە فەیزە
شەرمین سالْحی
هیوا بەیرامی
جێگر بەختیار
سەیفۆڵڵا ساعێدمووژەژی
زانا شەریفیان
بیژەن ڕەحمانی
ناسر فەتحی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Mari

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٣٠...

**ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک

- ئامادەکاران:

ناسر فەتحی

ئەمیر سیراجەدین

٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧١٩

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

"تاکسی"

- کچەکان وەرن درەنگە بۆخۆم دەتانگەیێنمەوە ماڵێ.

- دەستت خۆش بێ کانی خانم، برێکمان شت پێویستە لە نێو بازاڕێ، بۆخۆمان دەڕۆینەوە .

- جا ئەوە ساعەت هەشتە، خۆ دووکان و بازاڕ نییە .

- تاق و لۆق هەیە، شتێکی وام ناوێ، دەزانم لە کوێ هەیە.

- دەی باشە وریای خۆتان بن، خوداتان لەگەڵ.

- بەچاوان. شەوت باش

لەگەڵ خوشکم شتەکانمان کڕی، دووکانەکان خەریک بوون دادەخستران. خەڵکێکی کەم لە دەرێ بوون، بەکن دوو پیاواندا تێپەڕ بووین

- ئەو دوو زەعیفەیە بەو شەوەی لێرە چ دەکەن؟!

- ئەویش لە کوچەی خەیاتیی پیاواندا؟! داخودا چییان لەبن سەر دایە؟!

نەمویست لێیان وەرسووڕێمەوە، چونکە هەندێک کەس مێشکیان ڕزیوە و توانای بیرکردنەوەی جوانیان لەدەست داوە.

گەیشتینە مەلاجامی بەرەوە تاکسیی زەردەکان چووم، هاتم دەرکەی تاکسی بکەمەوە هاوکات پیاوێکیش دەستی هێنا سەر دەستم و دەرکەی لەگەڵ کردمەوە، کشامەوە، سواری تاکسی بوو، ئەمیش سوار بووم و خوشکیشم بەدواماندا.

- دادە ئەرێ بووکەکەمت پێ جوان بوو یا بیگۆڕمەوە؟!

- نا دادە گیان زۆر جوانە، پیرۆزت بێ.

هەستم کرد جێی ئەو کابرایەی تەنگە، هەڵکشام .

- دادە ئەو دەفتەرەش زۆر جوان بوو، پووڵەکانم خڕ دەکەمەوە و ئەویش دەکڕم.

- باشە گوڵم گیان، چت پێ خۆش بوو بیکڕە .

وا دیار بوو ئەو پیاوە ئەستوور ببوو لە هیچ کوێ جێی نەدەبۆوە! خۆی فش کردەوە و پووڵەکەی دا بە شۆفیرتاکسی. برێکی دیکەش هەڵکشام، ئەوجار خوشکم فشاری بۆهات

- دادە ئەرێ بوا دەکەی؟ پانت کردمەوە!

ڕانی بە ڕانمەوە نووساند، خۆم کشاندەوە، زۆرتری پێوە نووساند، بە لاقم تێم کوتا، زۆرتری پێوە نووساند و باسکی بە باسکمەوە نا، بە ئەنیشک تێم کوتا، ڕانی لە ڕانم دەخشاند ڕووی تێکرد و بە چاوی حیزی و پیسی چاوی لە چاوم دەکرد، ڕووم وەرگەڕاندەوە و پێم لە لاقی نا بەشکم ئێشی پێ بگە، نەخێر وازی لێ نەدەهێنام. دەنگی هەناسەکانی خەریک بوو شێتی دەکردم، مشە مشێکی بوو سەیر. پێش گەیشتنەوە بۆ گەڕەکی خۆمان کوتم کاکە دەستان خۆش بێ لەوانە دێمەوە خوارێ. ڕایگرت.

- چەندە کەسافەت و پیس و بێ فەرهەنگی کە ناتوانی جوان دانیشی.

- جا چ بکەم؟!

شۆفیرتاکسی دەیناسیم

- خانم وەرە سوار بەوە، ئەو کابرایەی دێنمە خوارێ

- نا، سپاس. زۆرمان نەماوە بۆخۆمان دەڕۆین .

- دادە ئەرێ چ بوو؟!

✍ کوردستان حاجبی




Marcel Egger

"جادوو"

مێرەکەی پێشووی هەردووک چاوی کوێر کردبوو و زمانی لەبنەوە بڕیبوو؛ بۆ ئەوەی نەتوانێ بەکەس بڵێ کێ وای لێکردووە.

کابرا دەگرن. پێی سەیر دەبێ: "چۆن زانیویانە؟"

ـ لەلای مێردە تازەکەی فێری خوێندنەوە و نووسین بووە!

ـ ئافەریم کچی خۆم!

ناسر فەتحی ✍



📷 Heiko Döhrling


"هاوڕێ بە؛ عەزیز"

ئەو کچەتیوە دیسان دمی لە کەلاک ناوە. نەنکی پێی دەگوت؛ کاتێک دایکی بەڕێی مەدرەسەی دەکرد. ماوەی شەش مانگ بوو قزە لە ڕێگای مەدرەسە فریوی دابوو و کچەش، کاتێک باوکی لە ماڵ نەدەبوو؛ بۆ ڕێگای مەدرەسە مەیکاپێکی تەواوی دەکرد و ماتیکێکی سووری تۆخی لە لێوی دەدا و پێش ئەوەی بگاتە مەدرەسە، لە کۆڵانە خەڵوەتەکەی پشت مەدرەسەی کەماڵ، دم و چاوی پاکدەکردەوە.

کاتێک شووی پێکرد؛ دوو وەتاغ و پێشخانەیەکیان بوو و تەویلەیەک. پێوقەدەمی ئەو بوو یان رزق و ڕۆزی خودا یان ساختەکاری قزە، ئێستاکە بە مازاڕاتی لە نێو شار دا هاتۆچۆیان دەکرد و ئاغایان بە نۆکەر نەدەگرت. ئەوین و شێوەکاری، ماڵی دڵی بەجێ هێشتبوون و حیساب و بیرکاری لە لای سەرووی ماڵێ، جێی خۆش کردبوو. یەکەمجار کە پێیزانی حەزلێکردوویی لەسەر دەکا و میکرۆفۆنی بۆ لە نێو پێنووسەکەیدا جێسازی کردبوو؛ قزە بە ماشێنێکی شاسی بلێند ڕازی کرد. دووهەم جار بە سێدانگی خانووبەرەیەکی بیست و هەشتمیلیاردی و سێهەم جار...

لە ڕۆژی جیهانی ژن دا، ژنێکی دیکەی هێنا.

✍ بیژەن ڕەحمانی



📷 Anton Schedlbauer

## "ڕۆژی کەنیشک

لەگەڵ "دایەبەخێ" دا لە ڕێگایێک لە نێوان پەرچینە بەرزەکانەوە، بەرەو ئاواییک لە سەر گردێکی بەرزەوە ڕێکەفتین. هێشتا شێوەو ڕواڵەت ئەو کاتەی مابوو. کۆڵەنجەیێکی سووری مەخمەڵی لە بەردا بوو. بەژن وباڵاکەی هەروا مابوو، لە ئان منالْیا ئەچوومە مالْیان، ئەیگرتمە باوشەوەو ماچمی ئەکردەوە. ئەتۆقیم. درگای یەخدانەکەی قفڵ ئەکرد. یەخدانێکی گەورەو بەرز، داتاشراو لە چێوێکی زەردی سووتاو. درگاکەی ئەکردەوە، تورەکەیێکی دەرئەهاورد؛ پڕ بوو لە کاکڵەگوێزو مەویژ. سرینچکیشی بوو. حەزم ناکرد، ئەیزانی، دەستی ئەبردە سوچی یەخدانەکەو قوتووێکی دەرئەهاورد. پڕ بوو لە کلوچەی کرماشانی.

چاروکەیێکی ڕەشی قەترانی لە کۆڵەوە بوو، ڕێک وپێک و باڵابەرز ئەینواند. کراسێکی تەختەشین گۆڵ گۆڵی لە بەر کردبوو، بە گۆڵ وردوردو زەردەوە. شالێ لەسەر کەلەکەی بوو لە ژێر کۆڵەنجەکەوە بریقەی ئەهات.

قسەی ئەکردو بەدەم قسەوە شێعرێکی بۆم خوێندەوە. نەم زانی هی خۆێە یا فۆڵکلورە. وتم: "ئەوە چۆن جانتاکەم لە بیرچوو؟ حەیف نەبێ! ئەم شێعرەم بنووسیایا!" شێعرەکەی تەواو کرد دایە قاقای پێکەنینا. فرە پێکەنی، کەوتە کۆکەکردن، هەناسەی هەڵناهاتەوە. وتم:" با دانیشین دایە، نەفەسێ تازە ئەکەینەو". " نانا ڕۆڵە! ئەشێ بڕوین، چاوە ڕوانمانن! "لە مابەین پەرچینەکانەوە سەرکەفتین. لەسەر ئەو تەپوڵکانە، دەشتێکی پان و بەرین لە میانەی حەوشێکی گەورە لە کێوە شاخاویەکان، پێمانەوە دیار کەفت. لە لای باشورەوە لادێیک دیار بوو. پرسیم: "ئەم دێیە کوێیە؟" " ناوی نازانم ڕۆڵە. یەکەم جارە تێمە ئەم مەحاڵە". ئاواییەکە لەسەر تەپۆڵکەیێکی بەرزو پڕ لە دارو درەختەوە دەرکەفت. دیمەنەکە هێندە دڵبزوێن وجوان بوو لامەوە، ئەمیبردە ناو خەیاڵێکی دوورو درێژەوە. نەشم ئەزانی چۆن ئەوەندە خەیاڵاوییە! لە ناو دارو درەختەوە چووینە ناو ئاوایی. بە بۆنی گوڵاوو مێخەک هاتنە پیریمانەوە. هەلهەلەو چەپڵەڕێزان بوو. ناوو دەر تەواو ماڵەکان پاقژو خاوێن کرابوون. لە سەر بانی ماڵێکی بەرزەوە دووکەڵێکی سپی بە هوژمەوە لە کونێکەوە ئەهاتە بان و، زەوی و ئاسمانی ئەدووریە یەکەوە. "ڕۆڵە ئەوە تەنووریان داگیرساندووە و نان ئەکەن. چێشت و پێخور لێئەنن، تەواو کارەکانی پیاو ئەیکا". چەند پیاوم بینی کۆڵانەکانیان گسک ئەداو پاقژیان ئەکردەوە. ڕیش سپییێکم بینی بە جامانەکەی سەریەوە، شووشەی دەلاقەی ماڵێکی پاک ئەکردەوە... .

جێ مابووم، هەنگاوم هەڵگرت پابەپای بچم. پرسیم: "ئەی ژن وکەنیشکەکان هانە کوێ"؟ "ڕۆڵە ئیمڕۆ جێژنیانە. پا هەڵگرە با بچینە سەر کانیەکان. لەو کانیە گەورە جەم ئەبنەو بو ڕۆژ کەنیشک". بێ بەردەوام بوون لە پرسیارەکەم، دوای کەفتم.

لەو سەر، لە ئاوایی دابەزینە ناو مێرگ ومەزراکان دەور ئاوایی. ڕانەمەڕەکان لەو مەزرایانە بەرەڵا بوون. لە خۆم ئەپرسی: "خۆزگە کێ ئەم هەمگە مەڕە ئەدۆشێ؟" لە قووڵایی دەراوێکی سەوز و پردارو درەخت، کچەکانمان دییەوە. لە سەر کانیەکە کۆ بووبوونەوە. هەر کام بە جل و بەرگی جوان و ڕەنگاورەنگەوە. هەرچی شتی جوانیان بوو هەڵیان واسیبووە مل وگەردنیانا. "لەم ڕۆژە هەر کەنیشکێ ئازادە هەرچی لەبەر کا، بو هەر کوێ بچێ، هەرچی ئارەزوو بکا، جێبەجێ ئەکرێ. بەختیارە، کەس ڕێگری ناکا". "خوایە! ئەم کچانە چەنێ جوانن"؟ خومم نەئەدی، وەک ئەوەی هامە پشت کامێرایەکەوە و کامێرا ناگەڕێتەوە وێنەم لێبگرێ. چەند کەنیشک ئازەب تاجەگوڵینە بەسەر، وەک پەری ناو حەقایەتەکان -ئازاد وسۆک- وەک باڵندە ئەفرین و ئەنیشتنەوە! "دەک کوێر بم! ئەوە بۆ کامێراکەم لە گەڵ خۆم نەهاورد"؟ دەستم بردە ناو باخەڵ سوخمەکەمەوە:"کامێرای مۆبایلەکەم بەهێزە... بە داخەوە! مۆبایلەکەشم پێ نیە".

قژەکانیان پەرێشان کردبوو وبەدەم باوە، سەمایان ئەکرد. با بۆنی مێخەکی ئەپژاندە ئاسمان و زەویدا. ئاو بۆنی مێخەکی ئەدا، خاک بۆنی مێخەکی ئەدا، با بۆنی مێخەکی ئەدا، ئاسمان، ئاسمانیش... . دەستم لە ناو دەستی دایە بەخێدا بوو. بە دەم هەڵمژین ئەو بۆن و هەوایە چووینە سەر کانییێکتر. کە نیشکەکان لە ناو ئاوەکە مەلەیان ئەکرد. " ئەی ڕۆ! ئەوە خۆ هەموو عالەمیان پێوە دیارە"؟ "ڕۆڵە ئەم وڵاتە وەک هیچ شوێنێکی ئەم دونیایە نیە. لەم ڕۆژە جیاوازیەکان نامێنن. هەموو شتێ ئەبێتە مێ. ڕۆژ ڕۆژی مێینەیە..."! زەوی مێ بوو، دار مێ بوو، هەور مێ بوو، تەنانەت بایش کە وەک پیاوێکی جەجاڵ هەموو شوێنێک ئەگەڕێ وسەر بە هەر کونێکا ئەکا... بایش مێ بوو. پاڵی پێمەو نا، کەوتمە ناو ئاوەکە. کچەکان تەونەیان دا دەورم. هەستم بە سوکی و سەربەستی ئەکرد. سەرسام و سەرمەست، دووچاوم بەست و وەک ئەوەی لە سەر داردارەکانێ بم، لە بازنەێکدا ئەهاتم و ئەچووم. بەرەو ئاسمان، بەرەو... . حەزم ناکرد ئەم ڕۆژە هەرگیز کۆتایی بێت! دایە بەخێم دییەوە. هەر بەو بەژن وبالآیەی کە لە دوایین ڕەسمی ماڵ دایکمدا دیبووم. هاتە بەرانبەرم. گرتمیە ئامێزیەوە، هەر وەک منالی. سەرم نایە سەر سنگی. کوتانی دڵیم بەرزو ڕوون ئەژنەفت. مەمکەکانی وەک ئەوەی تازە دوا کورپەی شیر دابێ، شل و نەرم... ماچمی کردەوە.

وتی: "سەرپوشەکەت لاوە ڕۆڵە، لێرە ڕەمزی ژیان مێینەیە". سەرپوشەکەم دادەم باوە. سەرم گەڕاند بو هەر لایێک. خۆمم دییەوە لە ناوڕاستی مەزرایێکی پان و بەرین، ئەم سەرو ئەو سەری نادیار. هەر خۆم بووم، تاق وتەنیا، کەس دیار نەبوو...!

مۆبایلەکەم لە پڕێکا زەنگی خوارد. دەستم کۆتا هاتە دەستمەوە، چاوم کردەوە و سەیر شاشەکەم کرد: 5:30 ! بو پەنجەرەکە ڕوانیم، ئاسمان لێڵ وتاریک بوو. مۆبایلەکەم کۆژاندەوە ، دەستم نایە سەر دوو چاوم و... .

✍ سەیفۆڵڵا ساعێدمووژەژی




📷 Marcel Egger

"سێبەری ئایین"

وشەکانت نەیاندەتوانی وڵامدەری ئەو بوغزە بن کە لە دەنگتا شەپۆلی لێدەدا، خەمێک کە تەنیا ئاشنای خۆت بوو و هیچ یەک لە ئەندامانی کۆڕەکە پێیان نەدەزانی. کۆڕێکی گەورە و هۆڵێکی گەورەتر...ڕەنگە تەنیا تۆ بوویبێتی کە سوبحان ئەڵڵا وتنەکانی دایکت لە گوێتا دەنگی دابێتەوە و تەنیا تۆ بوویبێتی کە لە کاتی خوێندنەوەی شێعرەکەتا ئاگات لە زیکری سێ شەممەکانی تەکیەی کاکە شێخ بوویبێت. کێ ناڵێ تۆ هەر بە منداڵی دەروێشێک ناوکتی نەبڕیوە و مریەم ئاسا نەزری خزمەتی بەیتۆلموقەددەس نەکرابێتی؟ کە ئێستا دڵت لە خوێندنەوەی ئەم شێعرە دادەلەرزێ و لەدوای هەر دێڕێ زمانت دەیگرێ و ئارەقەی نێوچاوانت دەسڕی. تۆ لە کوێ و قەرەباڵغترین وێستگەی ئۆتوبووسی ئەم شارە لە کوێ...هەمووی کاتژمێرێ دەبوو کە خەوت لێکەوتبوو، دەنگی موسافیرەکان بە ئاگای هێنایتەوە، هەموویان لە سەرپێ بوون و چاوەڕێی ڕۆشتنەخوارەوەیان دەکرد، تۆیش بەدەوای جانتا کۆڵییەکەت و مۆبایلەکەتدا دەسووڕایتەوە. هەموو موسافیرەکان ڕۆشتبوون، تەنانەت پیاوەنەخۆشەکەی تەنیشتیشت نەبینیەوە کە دەنگی کۆخەکانی لە گوێتدا دەزرینگانەوە. شۆفێرەکە بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد، ئەرێ خانم تۆ بەتەمای دابەزین نیت؟ هەی خانم لە گەڵ تۆمە ئاگات لە کوێیە؟! دەم و چاوت خووسابوو و بەدەستی خاڵی لە نێو قەرەباڵغی وێستگەکەدا بۆ تەلەفۆنێک دەسووڕایتەوە. تۆ تازە زانیبووت کە گوم بوویت و ئەو ژنەی داوێنی چارشێوەکەیت گرتبوو، دایکت نەبووە! ئەرێ کچە جوانکیلەکە بۆ چارشێوەکەی منت گرتووە؟ لە نێو ئەو هەموو مرۆڤە باڵابەرزەدا کە هەموو پێکەوە نووسابوون و تۆ وەخت بوو لەژێر پێیەکانیاندا بپلیشێی، نەتدەتوانی تێپەڕ بی. خەریک بوو دەستت دەدا بە دەست پیاوە مێهرەبانەکەوە کە دەنگی دایکت هاتە گوێت. خاڵۆ ئەوە دایکمە! دەنگی دایکمە. دایە دایە، من لێرەم دایە... با" هەڵیکردبوو و تۆیش دەستەکانت ترەکابوون و بە کرێم دەتساوین. چاوت لە مۆبایلەکەت دەکرد و لە هاتنی بانگهێشتێکی خێرا. نەتدەزانی دڵخۆش بی یا دیسان بە دوای پاساوێکا بگەڕێی بۆ نەڕۆیشتنت. باوکت وەکوو هەموو سێ شەممەیەک خەریک بوو خۆی بۆ ڕۆیشتن ڕێکدەخست. بیرت لەوەدەکردەوە کە چۆن پێیان بڵێی و چۆن ئیزنیان لێوەرگری. باوکت لە پڕ بانگی کردی: کچم ئەو دەفەم بۆ بێنە. تۆیش خێرا دەڕۆیتە ژوورەکەی و دەفەکە لەسەر دیوارەکە هەڵدەگری. تەواوی ژوورەکە بە وێنەی شێخ و دەروێشەکان داپۆشراوە. من ئەبێ بۆ کۆڕێک بڕۆم؛ بانگهێشت کراوم بۆ کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە؛ ئیزنم دەدەن بڕۆم بۆ کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە؟ دوایین ڕستە هەڵدەبژێری و دەیڵێی. سوبحان ئەڵڵاکانی دایکت بەرزتر دەبوونەوە و تۆ تەنیا شەوێکت مابوو بۆ ڕازی

کردنیان. دواجار لە وێستگەکە تەلەفۆنێک دەدۆزیتەوە و دوای کاتژمێرێ هاوڕێکەت دەگاتە لات و تا ڕۆژ دەبێتەوە سەیری دیوارەکانی ئاپاڕتمانەکە دەکەیت و هاوڕێکەت کە خەوی لێکەوتووە...

✍ شەرمینساڵحی



Tom Tran

"هێما"

زیبی جانتاکەی کردەوەو، پێنووسە ڕەنگیەکانی لەگەڵ پەڕەیەکی سپی گەورە دەرهێنا. بڕیار وابوو نیگارێکی بنەماڵەی خۆیان بۆ کێبەرکێی پۆلەکەیان بکێشێتەوە.سەرەتا بە ڕەش، هێڵەکانی یەک بەدوای یەک کێشایەوە، ئەوسا شین و سەوز و سووری هێنا، بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕوویەک بدات بەو هێڵە ڕەشانە؛کە تەواوی بوو،هەمووی کۆ کردەوەو خستیە نێو جانتاکەی. شەو کە باوکی هاتەوە، پاڵی دا بە مۆبلەکانیانەوەو بە دوای گۆڕینی کاناڵە تلفیزیۆنیەکان، کە پڕبوون لە سەماو ئاڵاو چەن شێوەی گرد کە یەکیان ڕووی لە ڕاست و ئەوی دیکەیان ڕووی لە خوارەوە بوو کە لە نێوانیان هێمای بەرانبەری دانداربوو، بیری دەکردەوە کە لە قوتابخانە ئەو جۆرە هێما بیرکارییەی نەخوێندووە؛بۆیە دەستی بردوو زوو بە پێنووسێک لە بەری دەستی کێشایەوە،بۆ ئەوەی لە مامۆستاکەیان پرسیار بکات. کەوتبووە بیری کێبەرکێکەی بەیانی، کە بە دەنگی باوکی کەوتە خۆ؛ _بژی، بژی، بەڕاستی کە هەر وایە، بەرانبەری نێوان ژن و پیاو دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کۆمەڵگا. دیسانەوە کەوتەوە نێو خەیاڵات، خەیاڵێکی دوور و درێژ کە تەنیا بیری لە هێمای بەرانبەری دەکردەوە،گوێکانی کپ ببوون و هیچی نەدەبیست،کپ لەو هەمووو هەراو دەنگە کە هەمووکات لە دەوری بوون. کە وەئاگا هات،سەری کردبوو بە ژێر سەرینەکەیاو پەتووەکەشی دابوو بەسەر خۆیا،لە خەیاڵی، هێمای بەرانبەری و ئەو دوو هێما گردانە،چووە سەر خەیاڵی کێبەرکێکە،زوو سەرین و پەتووەکەی لادا، زیبی جانتاکەی کردەوە؛پێنووسە ڕەنگییەکانی دەرهێنا؛شین و سەوز و سوور، هەوڵ هێمایەکی بەرانبەری کێشا، ئەوسا هەر وەک ئەو بەشەی دیکە ئەو بەشی هێماکەی ڕەنگ کرد.

✍ زانا شەریفیان




Marcel Egger

"کەرگێ"

خودا دای و لە شوانیی خەڵکەوە بوو بە شوانی مەڕ و ماڵاتی خۆی. دوای ماوەیەک بۆ ئەوەی بۆخۆی بتوانێ کارووباری پشت کامێرا ڕاپەڕێنێ، ناچار بوو شوانێک بگرێ. هەر بۆیە ئاگادارییەکی بەم شێوەیە بڵاو کردەوە: "ئاگاداری! شوانێکی خێزاندارمان پێویستە!"

✍ ناسر فەتحی



📷 Veronika Schulz

"شوان "

خوا ئەیزانی ئەمە زیاتر لە چوار مانگە هەزارتمەنم دەرناورگە. بێکارم، لەم شارە کرەها نشینم وچوارسەر عایلەم هەس. مناڵەکانم وردن وخێزانم خەریک بەخێوکردن ئەوانە. خوای لێ ڕازی بێ، گیانمە ئەوە. ئەو نەووایە ئیسە دەیری بووم وسەر خوەم هەڵگرتوو!

چاوم پێیان ئەکەفێ تەریق ئەومەو، قەوقەو دائەڕزێم و وەک ئاو ئەچمە زەوینا! دوێکە وەک هەمیشە لە ناوشارا قەدەمم ئەدا، بو قەو دارودیوار ئەمڕوانی؛ هەی بەشکەم ئاگەهیێ، پلاکاردێ، چتێ بۆ کار بوینم. هەروا بەدەم قەدەم لێدانەو چوومە خیابان سیروس. لەو سەر چوارڕای سیروسەو، لەبەر ساندویچەکا، وێسام. بۆی هەمبەرگەر و کەواو ئەهاتە لووتما. قۆڕەی ناوسکم ئەهات. تواشای قەو تیرچرابەرقەکەم کرد، کاغەزێک لکیاوە پێەو، چاوم خاس حەنای ناکرد. چوومە بەرەو خوەندمەو، نووسیاو:" بێ یێک نەفەر چوپانێ موتەئەهێل نیازمەندیم!" چاوم پەڕیە تەوق سەرم. کاغەزەکەم هەڵ کەند، بوئەم بەروئەوبەرم ڕوانیم بزانم کەسێ تواشام ناکا. ژمارە تلیفۆنەکەی لە ژێرەو نووسیوو. بەپەلە خۆم گەیاندە ماڵ. موبایلەکەم شاژی نەو. وتم با زوو بچمە ماڵەو زەنگی بۆ بەم. خواخوام ئەکرد کەسێ ئەم کاغەزەی نەدیبێ!

خوەشی خوەشی کلێلم خست لە درگاو چوومە ماڵەو. کۆڕە بوچکەکەم هاتە ناو ڕاڕەوەکە و باوەشی کردە قاچ قولما، گرتمە باوشەو. ژنەکەم هاتە پیریمەوە، پرسی:" چەو؟ زوو هاتیتەو"؟ وتم:" هیچ مەیێژە ژنەکە، خوا مەیلی بێ کارێکم پەیا کرگە"! کاغەزەکەم دەرهاورد و دامە دەسیەو. خوەندیەو، تۆزێ بۆی ڕوانی وچووە ناو فکر. مناڵەکە لە باوشمەو بوو ونووزەنووز گورانیم بۆی ئەخوەند. ژنەکە خرەخڕ کاغەزەکەی دانا و بۆم ڕوانی و وتی: " بێسە بزانم، دوای ئەم حەمکە ساڵە دەرس خوەندن، شوانی"؟! وتم: "کورە ئەمەیچە بوێتە قسمەت کڵاوەکەم ئەخەمە حەوائا...". ژنەکە دانیشت و پەنجەی هەڵپێکا. چوومە لایەوە دانیشتم. پەنجەکانیم لە یەک کردەوە، ئاو زاییوە چاوگەلی! وتم:" بە خوا تەریق ئەومەو تواشات ئەکەم، چوار تیکە تەڵات بوو، فرۆشتت بۆم...! خوا گەورەس، ئەم کارەیچە لە هیچێ خاسترە! لاوە هەڵسە با زەنگێکی بو بەم، نەکا کەسێتر زەنگی بو بات! خوەت ئەزانی، بە مەدرەکەکەیچم ئەخوات"!! دەستمی بە تۆندی ڕەدداوە، بەرەنیسکی داو وتی: "گوو کەمە چاو خوا بۆ ئەو ڕۆژەی وا بو منی کردەو"! مناڵەکان تواشای تلفزیونیان ئەکرد. تلیفۆنەکەم هەڵگرت و بە کۆڕەگەورەکەم وت:" کاردۆ گیان دەنگی کەمەو کە"! ژمارەکەم گرت، چەن زەنگی خوارد، کابرا هەڵی گرت:

- "عەلۆ..."

- "سامە عەلەیکم"!

- "سڵامە لەیکم، فەرمۆ"

- "ئاغە بوەخشە، من بو ئەو ئەگەهیە داتان نیاگە زەنگم دا. وتم بزانم شوانتان گرگە یانە"؟!

- "چەن نەفر زەنگیان دا وەلێ شەرایەتیان نەو..."

- " شەرایەتەکەی چەس"؟

- "ئەو چت گەرە وا نووسیمەو حەددەقەل پەنج ساڵ سابێقەی کاری"!

تلیفۆنەکەم خستووە سەر بلێندگوو، خێزانیچم گویچکەی ئەدا، چاوێکم لێ قرتاندو وتم:

- "ئاغە بە گیان مناڵم من هیچێ خوەم شوان بووگم، باوکیچم هەر شوان بوو و نان شوانیمان خوارگە"!

ژنەکە هەر خۆی ئەخواردەو لچی هەڵئەقرچاند. درێژەم داو بێ ئەوەی بهێڵم چتێ بێژێ، وتم:" هەم سابێقەی شوانیم هەس، هەم ساحێو ژن ومناڵم. تواو شەرایەتەکانم هەس، خەیاڵۆ رەحەت بێ"!

کابرا وتی: " باشە کاکە، ڕاسی ناوت چەو"؟

وتم: " غەریب نۆکەرت"!

وتی: " خوایش ئەکەم کاکە غەریب! با کارێکتر کەین".

وتم: " فەرمۆ، هامە خزمەتتا"!

وتی: "تۆ رزۆمەکەت بێرەو سۆزی بێ بو ئەم ئادرەسە وا ئەیژم پێت"!1

وتم: "ڕزۆمەی چە"؟!

وتی: "مەگەر نایژی سابێقەی شوانیت هەس؟ هەر ئەوە کەسێ تەییدی کا"!

وتم: "ئەرێ بە خوا ئاغە، تواو خانەوادەمان شوان بووگین"!!

وتی: "باشە، سۆزی سەعات دەی سەر سفح بێ بۆ مەیان نەبوەت، ئەزانی خۆ"؟

وتم: "ئاغە ئەزانم، بێمە کوێ"؟

وتی: " هاتیتە مەیان نەبوەت بەرەو گۆڵشەن، لە بەر بانک مللەتەکە ئەوێسم، هاتی زەنگێکم بو بە"!

وتم: " بە سەر چاو ئاغە، حەتمەن تێم! فەقەت تۆخوا ئیتر جواو کەس نەدەنەو..."!

وتی: " خەیاڵۆ ڕەحەت بێ"!

وتم: " دەی خوا حافێزت ئاغە"!

وتی: " خوا حافێز"!

گۆشی تلیفۆنەکەم داناو قوولەیکم کرد. مناڵەکان هەڵبەزینەو، کۆرە بووچکەکە بووە گیریانەو. ژنەکە گرتیە باوشەو وقیژاندیە سەرما:" خوا خراوت بو بکا پیاگ، دڵ کۆڕەکەی داخست"! قوربان سەدەقەیان ئەچووم و ئەموت:" خوەشی لە خوەت، خوەشان لە خوەت... جا تەڵاکانت بو ئەسێنمەو، یەخچاڵ سایدبای سایدت

بو ئەسێنم..."! کاردو وتی:" بابا دووچەرخەکەم بووچکە، بو ئاکار خاسە..."! وتم:" بان چاو کاردۆ گیان، دووچەرخەی تازەت بۆ ئەسێنم"! ژنەکە دانیشت و تێرتێر گیریا وحەڤ پشت باوک ودایکی لاواندەوە. هەروا لە بەرانبەریەوە پاڵم داوەو، کۆڕە بووچکەکەم هاتووە باوشم...! خەوم پیا ناکەفت. سەر برج بوو، کرەهاماڵەکە هاتووە بەرەو. موبایلەکەم فرۆشت و کرەهای دوو مانگم دا. ئەم چەن مانگە هەر بەو چوارقرانە یارانەو ژیاگین! ئەو ژنە بەوبەختە، دووتا خرخاڵی بوو، فرۆشتی بو خەرج ماڵ و دەواودەرمان ئەو مناڵە. مادەرزاد نەخۆشەو سەر هەر مانگ، ئەیبەینە لای دۆکتورا!

سفح زوو لە خەو هەڵسام و چووم دوو کولێرەم هاورد. مناڵەکانم هەڵساندو سفحانەیەکم پێیان دا. کۆڕەبووچکەکە چاوی لە خەوەو بوو لە باوش دایکیەوە خەوەونیچکی ئەبردەوە. کاردۆ نانی خواردو مووچەێک مەلیساوم بۆی تەیار کرد و چوو بو مەدرەسە. دڵبەدوا بووم، هەر تواشای سەعاتەکەم ئەکرد. ژنەکە وتی:" چەس ئەونە بێقەراری؟ ئەمەیچە وەک باقی قەرارەکانترە"! وتم:" ئینتزار فرە سەختە ئەزانی"! چوومە بەر ئاێنەکە کەمێ بۆ خۆم ڕوانیم. وتم با ڕیشم بتاشم، خۆم کردە حەمامەوەو سەروڕیشم جوان کرد. سەعات هەشت ونیم بوو، ژنەکە وتی:" ئێمەیچ تین"! وتم:" ئێوەی بوچەس؟ خۆم ئەچم، خۆ مناڵە نیم"! وتی:" نە! مەگەر قەرار نیە ئێمەیچ بیینە شوان! ئیلاوبیلا تین"! هیچم بو نەکریا، مەدرەک دانشگاکەم و تواو ئەو کاغەزانەی بووم، نامە ناو پاکەتێک و ژنەکە نایە ناو کیفەکەی. مناڵەکەی گورجەو کرد وچووین بەرەو مەیان نەبوەت. سەعات نۆونیم گەینە سەر قەرار، ژنەکە لە سەر کەتێکەوە دانیشت و مناڵەکە لە باوەشیەو خەفتوو. تا بووە سەعات دە، بە قەو ساڵێکی پێچوو و گیانە سەر بووین. زەنگم دا بو کابرا، تلیفۆنەکەی زەنگی ئەخوارد؛ یەک، دوو، سێ... دوای چەن زەنگ قەت بوو. ژنەکە وتی:" چەس"؟ وتم:" زەنگ ئەخوا"! دووبارە زەنگم دا، چەن زەنگی خواردو قەت بوو. هەواکە سارد بوو وژنەکە مناڵەکەی لکاندووە سینگیەوە. وتم:" جواو نادادەو"! وتی:" دووارە بیگرە"! دووبارە ژمارەکەم گرتەوە، زەنگی نەخوارد. تەقەی دیانم ئەهات وژنەکە هەر پاپای بوو. دووارە تلیفۆنم کرد، ژنێ لە جواوما وتی:" موشتەرەکێ مەورێد نەزەر، دەر دەسترەس نێمی باشەد"! ئەیژیتە پارچێ ئاو چایگیان کردە سەرما، تەزم کردو لاڵ بووم . ژنەکە وتی:" چەس ئەوە"؟! موبایلەکەم پێدا و خۆی گوێی لێدا: "موشتەرەکێ مەورید نەزەر، دەر دەسترەس نێمی باشەد"! هەناسەێکی هەڵکێشا و بە تووڕەییەوە لەقەێکی لە کەتەکە دا. مناڵەکە لە باوەشیەو خەوەریەو بوو وسەرسام بۆمان ئەیڕوانی. من تەزم کردوو لە خەجاڵەتا سەرم

داخست. ژنەکە مناڵەکەی دانیاو، دووبارە تلیفۆنم کرد، ئەم دەحفە تلیفۆنەکەی خامووش بوو:" شومارەیێ مەورێد نەزەر خامووش میباشەد"! ژنەکە دەس مناڵەکەی گرت و کردیە کێش وچوون. من دەس دەسەپاچە، نەمەزانی چە بکەم. ژنەکە چەن قەدەم لێم دوورەو کەفتوو و قاوی کرد:" بێ بە ڕێگا، تەماور چەێ..."؟ و ئێحساسم کرد پەڵپینەی گریان دەنگەکەی کپەو کرد...!

✍ سەیفۆڵڵا ساعێدمووژەژی



Christine Ellger

## "ڕا پەڕین"

هێرکوول ژن و منداڵەکەی لە شاری بەجێ هێشت و چوو بۆ گوندی، تا ببێ بە شوانی ئەو پیاوەی ئاگادارییەکی لەم شێوەیەی بڵاو کردبووەوە: "ئاگاداری! پێویستیمان بە شوانێکی خێزاندارە!" خاوەن ماڵ گوتی: "بڕۆ ژن و منداڵەکەشت بێنە؛ سەڵتی خێزاندار لە سەڵتی بێ خێزان خەتەری زیاترە بۆ کەر!" هێرکوول چوو ژن و منداڵەکەی هێنا و کاتێک دیتی کەری خاوەن ماڵ گۆڵەکەرە، شتێک بە دڵی دا هات، بەڵام خۆی لێ لە گێلی دا. منداڵەکەی هێرکوول گەڵاوگەڵ دەڕوا؛ پێ دەچێ میزی بەخۆی دا کردبێ. لەوەتی دایکی لەگەڵ خاوەن ماڵ کەینە و بەینەیان ساز کردووە و خۆی لە گێلی دەدات، میزی پێوە بەند نابێ. کەرەکەی خاوەن ماڵ گەڵاو گەڵ دەڕوا. هێرکوول گومانی لە سیزیفی ئاوەڵشوانی هەیە. بەڵام خۆی لە گێلی دەدات؛ چوونکە تا شەرتی دەپەڕێ کێ لە چی دەپەڕێ کێشەی ئەو نییە، کێشەی ئەو ئەوەیە ئێستا لە ئێران خەرج گرانە.

**✍ ناسر فەتحی**




📷 Marcel Egger

"تۆڵە"

پێش ئەوەی شەرتی شوانەکەی بپەڕێ بە دۆست و ناسیاوانی ڕادەسپارد:

"شوانێکی خێزاندارم دەوێ. مێگەلی نادەمە دەست سەڵتان."

هەشت مانگی ڕەبەق سواری ژنی شوانە دەبوو و نەدەهاتە خوار و سەر لە شەرت پەڕینێ کووپە پەنیرێکی لە حەقدەستی شوانە زیاد دەکرد. شوانەش ئەو هەشت مانگەی دوو جار لە کێوی‌ڕا نەدەهاتەوە تاکوو لە کۆتاییدا بارەقەڵلایەک و شتێکی زیادیش بێتە سەر حەقەکەی و هەموو حەفتەی جارێک خۆی بە ماکەری کابرای مەڕداریش خاو دەکردەوە و پێی وابوو گورزێکی چاکی لێ وەشاندووە و ئاخری و ئۆخری تووشی سووزاک دەبوو لەو حەفتەی جارێکەش دەبوو.

تێبینی: مەڕداری هەرە گەورە حکوومەت بوو.

سووزاک: نەخۆشی‌یەکی جنسی‌یە و زیپکە لە ئامێری نێرینە دێنێ.

✍ هیوا بەیرامی



Sebastian Westerfeld

"گوو"

زگچوو تەواو بێ سحەتی کردبووم، هەر لە فڕۆکە دابەزیم، بەخێرایی چوومە ئاودەست. دوای کەمێک لە ئاودەست هاتمە دەروە، دوو پۆلیس دەستگیریان کردم؛

ـ ئەریَ چیم کردووە، بۆ دەمگرن.

ـ لە ئەوروپا، لە ئاودەستەکان دەخەوی و خەون دەبینی؛ لە نیشتمانیش،لە ئاودەستەکانی دەڕیی!

✍ جێگر بەختیار



Marcel Egger

"مەڕ منداڵ"

ڕەنگی بەڕووەوە نەمابوو؛ دەرگای گەوڕەکەی کردەوە زۆری پێنەچوو بە شڵەژاوی هاتەدەرەوە، پێدەچوو دیمەنێکی ترسناکی دیتبێ، دەنگی ژنەکەی لەودیو تەلەفۆنەکەوە دەهات. زمانی بە پتەپت کەوتبوو، وشەکانی بۆ ساغ نەدەبووەوە. تا چەند هەنگاو پشتاوپشت لە گەوڕەکە دوور کەوتەوە. بێڵ و قوڵنگێکی هێنا و لە خوارووی گەوڕەکەوە چاڵێکی گەورەی هەڵکەند. دواتر بەڕاکێش ڕاکێش بوونەوەرێکی سەرسووڕهێنەری لە گەوڕەکە هێنایە دەرەوە. چاو، دەم، لووت تەنانەت گوێیەکانیشی وەک منداڵێکی تازە لە دایک بوو جوان و بێگەرد بوون، بەڵام لە گەردنی بەرەوخوار مەڕ بوو. خێرا لە چاڵەکەی خست و بە گڵ دایپۆشی. خوێنە ڕژاوەکەی نێو گەوڕەکەی شتەوە. هێشتا ترس هەموو گیانی داگرتبوو، پەتووەکەی لەسەر دەم و چاوی لادا. دەستی کێشا و مۆبایلەکەی لە پەنایا هەڵگرت. بەزەحمەت توانی ژمارەی ژنەکەی بگرێت.

ـ ئازیزم من دەمەوێ بگەڕێمەوە، کەل و پەلەکانیش لە گەڵ خۆم دێنم. ئەبێ بەزووترین کات شوانێ بۆ ئەم مەڕومالاتە بگرم

- چی؟ چۆنە بڕیاری وا دەدەی؟

ـ لەڕاستیدا ئێستا بە قسەکەی تۆ گەیشتم، ئێمە خۆ وەزع و گوزەرانمان باشە، ئیتر بۆ لە خۆڕا لەیەکتر دوور کەوینەوە؟

ـ کە وایە با بە ئەحمەد بڵێین. ئەو ماوەیەکە بەدوای کارا دەگەڕێ. خۆت دەزانی ئەحمەد پێشتر لە لادێ ژیاوە. ئەو باشتر دەتوانێ پێیان ڕابگات

- نە نە ئەو نابێ، من شوانێکی خاوەن ژن و منداڵم دەوێ!

✍ شەرمینساڵحی



Robert Och

"زمان سوور"

هەوا هەر دەهات و بەرەو گەرمی دەڕۆیشت، تیشکی خۆرەتاو زەویی گەرم داهێنابوو. کەس لە ژێر ئەو سوورەتاوە خۆی بۆ ڕاگیر نەدەکرا. غەڵەبایەک لەبەردەروازەی مێروولەکان بە گوێی دەهات. مێروولە زەردەکان بە جەستەیەکی چکوولە و لاواز بە یەکدا دەهاتن و هەر یەک شتێکیان بە دمەوە گرتبوو، لە جەستەی خۆیان گەورەتر بوو. لەولاترەوە دوو سێ مێروولە لە گەرمادا بە لادا هاتبوون و وردە وردە لاشەکانیان لەبەر تیشکی تاو خەڵووز دەبوو. لە دوورەوە مێروولەیەکی ڕیشنەی سوور و لاواز شەکەت و ماندوو بەرەو دەروازەی شار دەگەڕایەوە. هێندەی پیاسە کردبووو تەواوی بن لاقی بلۆق بوو، بە زۆری خۆی گەیاندە ژووری پشکنین، دوو مێروولەی ڕەش و زگزل لەسەر کورسی پاڵیان دابۆوە و یەکی جگەرەیەک بە لالێویانەوە زوو زوو مژیان لێدەدا و کایەیان بە دووکەڵەکەی دەکرد. لەو لاترەوە پێنج مێروولەی زەرد دەستەونەزەریان ڕاوەستابوون. یەکێک لە مێروولە ڕەشەکان پشمی و مێروولەیەکی زەرد زوو ڕایکردێ و لووتی بۆ سڕی. مێروولە ڕەشەکان دوای پشکنینێکی زۆر لێیان ئاشکرا بوو ئەوە زمان سوورە. لێی قیت بوونەوە، لاپەڕەیەکیان نایە بەردەست.

- دەی بنووسە، بنووسە، ئەمن زمان سوور ئاژاوە نانێمەوە و لەژێر دەسەڵاتی ئێوە مێروولە ڕەشەکان ژیان دەبەمە سەر، بەڵێن دەدەم تەواوی یاسای ئێوە ڕەچاو بگرم.

زمان سوور چاوەکانی پڕ بوو لە ئاو و کەوتە خەیاڵی ئەو ڕۆژە وا: جەماوەرێکی زۆر لە دەری مەیدانی (پەیکەری ویژدان) کۆ ببووونەوە. زمان سوور خۆی گەیاندە ئەو جەماوەرە، دیتی خەریکی وتوویژ و پرس و ڕا بوون. دوو دانە لە مێروولەکان بە ناوی ملپان و گەلحۆ لەسەر سەکۆیەک وێستابوون و خەریکی دروشمی جوان و باس لەسەر ئامانجی خۆیان بۆ هەڵبژاردنیان بۆ ئەنجومەنی شار دەکرد. زایەڵەی دەنگیان پڕ لە موژدەی دروستی و ڕاستی و عەداڵەت بوو. باسیان لەسەر پێلانی داهاتوویان بۆ پێشکەوتنی شار دەکرد. مێروولەکانیش بە چەپڵە لێدان هاندەریان بوون. بڕیار وابوو سێ مێروولە بۆ ئەندامیەتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی شار هەڵبژێرن. ئەو مەیدانە هێندەی خەڵک تێدا بوو نەیدەکێشا، هەر دەتکوت مەیدانی(پەیکەرەی پاشا)یە وا نووسەرەکەی کتێبی چریکە باسی کردووە. ئەوانیش مەیدانی ویژدانیان بەگلۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندبۆوە. سەدان پیرێژن و پیرەپیاو بە گۆچانەوە وێستابوون، کچان و و کوڕانێکی زۆر خۆیان ڕازاندبۆوە، بە چاوبڕکێنە و پێکەنین قسە و باسەکانی ملپانیان گوێ ڕاگرتبوو.

زمان سوور لێیان چووە پێشێ لە ناکاو باوکی دەنگی هەڵێنا و وتی: "ئەوەش زمان سووری کوڕی منە. تازە زانکۆی تەواو کردووە، ئەویش خۆی دەس نیشان دەکات".

زمان سوور عەبەسرا ئەوە باوکی لە کوێوە لێی پەیدا بوو. هەرچی هاواری کرد نا، نا، من بە دڵم نییە، مێروولەکان جوابیان نەداوە و بە چەپڵەلێدان بردیانە سەر سەکۆکە. زمان سوور وتارێکی زۆر جوان و بەنرخی پێشکەش بە هاوشاریانی کرد و ئەوانیش بە چەپڵەلێدان هەر سێ مێروولەیان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی شار هەڵبژارد. بەڵێنیان لێ ستاندن کە ئاگاداری شار و خەڵک کەن و بۆ پێشکەوتنی ئامانجی ئەوان بە ویژدانوە تێکۆشن. ماوەی دوو ساڵ بوو حەوت مێروولەی ڕەش لە شاری دراوسێ بۆ کرێکاری هاتبوونە نێوشار، بەڵام ئەلان دەسە ڵاتی نهێنی شاریان بە دەست گرتبوو. ئەو مێروولانە هێندە بێدەسەلات و ساویلکە بوون و هێندەش یەکدڵ و یەکڕەنگ نەبوون هەربۆیە نەیاندەتوانی دەسەڵات لەو مێورووله ڕەشانە بستێننەوە. لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی شار زمان سوور ڕووی لە ملپان و گەلحۆ:

- دەبێ ئێمە دەسەڵاتی نهێنی لەو مێروولە ڕەشانە وەرگرینەوە. ئەوان ڕیشەمان دەسووتێنن، دەمان توێننەوە.

ملپان بەدەممژدان لە سیغارەکەی برێک بە تەوسەوە چاوی لە زمانسوور کرد و وتی: چ ڕاست و چ درۆ من کرێگرتەی ئەوانم و پارەی مانگانەم لەوان وەردەگرم. دەیجا شارێک بەو گەورەییە، با ئەوانیشی تێدا بژین. من چاوچنۆکنیم.

گەلحۆش مشتی توند بەسەر میزەکەدا کێشا و بە دەنگی بلێند هاواری کرد:

- ئەی بابم دەنگت لە تێرییەوە دێت، من منداڵی وردم هەیەکارم بەو شتانە نییە. تۆ خۆت و گونتی، چ مەنزوورتە.

زمان سوور بە ناهومێدی سەری داخست و بە شەقامەکانداتێپەڕ بوو. لەسەر شەقام هەر مێروولەیەک پێی دەگەیشت زۆر بە شانازییەوە وێنەیەکی لەگەڵ زمانسوور دەکێشا و دنیایەکیان ڕێز لێ دەگرت. کە بیری لە وتەکانی ئەو دووانە دەکردەوە، ئازارێکی گەورە دەکەوتە دڵی. سبەینێ بەیانی مێروولە ڕەشەکان نامیلکەیەکیان بۆ زمان سوور نووسی و داوایان لێ کرد سەرێکیان لێدات. زمان سووریان خستە نێو ژوورێکی تاریک و تا چوار سەعات دەرکەیان لێ نەکردەوە. دوا ی ماوەیەک دانیەک لەو مێرووە ڕەشانە هاتە ژوورەکە و شەپێکی تێهەڵدا. گلۆپێکی لەسەر هەڵکرد، خەریک بوو کوێر بێ.

- هەی قورمساخ! مڵکی باب و باپیرانمانە، دەبێ هەمووتا ن لێرە دەرکەین. یان مل داخە بێدەنگی هەڵبژێرە یان شار بە دە رت دە کە ینزمان سوور

بەدڵتەنگییەوە ڕویشتە سە نتەری ئە نجوومەن وڕووی لەگەلحۆ وملپان کرد:

- دیکتاتۆڕ هەمیشە هەن و بەسەر وڵاتدا حوکوومەت دەکەن، ئەوە ئێمەین دەبێ یەکگرتوو بین و تێکیان بڕووخێنین.

- ئەوانە تەنیا حەوت نەفەرن ئێمە یەک شارین دەبێ ورەمان بەرز بێ. ئێمە بەرپرسیارین لە بەرانبەر هەموو کۆمەڵگەدا.

ملپان و گەلحۆ لە قاقای پێکەنینیان دا.

- کوڕە گەوجەپیاو لە کۆڵ خۆت بەوە، وەرە بیر لەژیانی داهاتووت بکە و خۆت مەدۆڕێنە، شانس یەکجارە. ملپان بە تانە و توانج دەقێکی بۆ هێنا و لە بەردەم زمانسووری دانا.

- هانێ ئەوە واژوو بکە.

دەقی نامیلکەکە ئاوا نووسرابوو:

زۆر نهێنی

بەپرسی شارەوانی

سلاوت لێ بێ

ئەوە بەو نامیلکەیە پێت ڕادەگەیێنین ئەندامانی ئەنجومەنی شار بڕیاریان وایە و ئیزنت پێدراوە نیوەی پارەی ئەو خەڵکە وا بۆ شارەوانی دەنێرن بە ژمارە حیسابی مێروولە ڕەشەکانی بڕێژە.

زمانسوور – ملپان –گەلحۆ

ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی ئجومەنی شار

زمانسوور واژووی نەکرد و ملی بادا و هاواری کرد من ئیزن نادەم پارەی ئەو خەڵکە هەژارە بچێتە گیرفانی ئەو داگیرکەرانە. شار ئاوەدانی دەوێ، ئێمە ویژدانمان هەیە، بەڵێنمان داوە خزمەت بەو خەڵکە بکەین. ملپان و گەلحۆ بە ڕووی گرژەوە نامەکەیان هەڵگرت و ڕۆیشتن بۆلای مێروولەڕەشەکان بۆ سیخوڕی. ناحەزی و پیسی ناوەوەی ئەو دوو دانە کاریگەری لەسەر ڕواڵەتیشیان دانابوو. هێندە دێزە و ڕەزاگران بوون، زمانسوور دڵی بڕوایی نەددا چاو لە ڕوخساریان بکات. ئەو شەوە زمانسوور خەو بە چاویدا نەهات. بڕیاری دا بەیانی زوو بچێتە مەیدانی شار، مێروولەکان کۆکاتەوە و ڕاستی کارەکانی ئەو دووانە بگێرێتەوە تا لە وە زیاتر شار وێران نەبێ.

بەیانی زوو لە خەو هەستا بڕیاری دا بەرەو مەیدانی پەیکەرەی ویژدان وەڕێ کەوێ. هەر دەرکەی کردەوە کاغەزێک بە دەرکەی ماڵەوە درا بو.

ئاگاداری ئاگاداری

هاوشارییانی هێژا، مێروولە خۆشەویستەکان

ئەوە بە فەرمانی زمانسووری خودانەناس زەویەکانی تەنیشتی چۆمەکە دراوە بە


مێروولەڕەشەکانی دراوسێمان و قەرار وایە هەفتا بنەماڵەی ئەوان بێنە ئەوێ و جێگر بن. لەوە بەدواوە شار دەبێتە دوو کوتەوە.

**ملپان – گەلحۆ خزمەتگوزارانی شار**

زمانسوور دنیای لەبەر چاو ڕەش بوو. سەری لە گێژەوە دەهات، جا شتی وا چۆن دەبێ. هەر ڕۆحیشی ئاگادار نەبوو. چاوی گێڕا ئەو کاغەزە بە هەموو دەرکەی ماڵەکانەوە بوو. ئەو شارە پڕ بوو لە دەنگۆ. جەماعەتێ مێروولەی سیخوڕ و بەکرێ گیراوی مێروولە ڕەشەکان لە نێوشاردا دەگەڕان و تف و نەحلەتی زمانسووریان دەکرد. زمانسوور بە پەلە ڕای کردە مەیدانی شار دەنگی هەڵێنا:

- خەڵکینە ئەوانە تەواوی بوختانە. ئەوە فەرمانی من نییە و منیش واژووم نەکردووە. درۆیە ...... درۆیە خەڵکەکە تەنگەیان پێ هەڵچنی و بەربوونە تانە و تەشەر. هەموو بەربارانیان کرد. هاواریان دەکرد: شاربەدەر، شاربەدەر. مێروولەڕەشەکان تا ماوەی دە ساڵ فەرمانی شاربەدەریی زمانسووریان تۆمار کرد.

✍ **منیره فەیزه**



Annabella Rharbaoui

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

1 ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
2 ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
3 ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
4 ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
5 ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٚ̆ٓ ٓ ُٓ ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

6 ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
7 ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:
گوتم:

ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
8 ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

9 ـ ئاهـ ـیش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

10 ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
11 ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

12 ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بە تامی چیرۆک

■ ئەحمەد سدیق ـ سلێمانی:

دەڵێن مامۆستایەک لە وتاری ڕۆژی هەینی کوتی: گەر ماسی دەمی خۆی نەکاتەوە بە قولاب ناگیرێ. کەسێک وتی: ئەی ئەگەر بە تۆڕ گیرا؟! مامۆستاکە وتی: تۆ خەڵکی کویی؟ وتی: خەڵکی کوردستانم. دوای ماوەیەکی تر لە شوێنێکی تر وتاری دەدا، کوتی: جارێک سێ دز دەچنە ماڵێک و کەلوپەلی ماڵەکە لە پشتی گوێدرێژی خاوەنماڵەکە بار دەکەن و ئەویش دەبەن. دوای کەمێک ڕۆییشتن، دووانیان ڕێک دەکەون کە ئەوی تر بکووژن بۆ ئەوەی بەشەکەیان زیاد بکا و کوشتیان. دوای چەند ساتێک یەکیان ئەوی تری کوشت و هەموو دەسکەوتەکەی برد. بەڵام کەرەکە جووتەیەکی لە ئەویش دا و کوشتی و بە بارەوە گەڕاوە ماڵ. ئامانجی مامۆستا ئەوە بوو کە خەڵکەکە بزانن ماڵی حەڵاڵ نافەوتێ. یەکێک لە ئامادەبووان هەستا و کوتی: باشە مامۆستا ئەگەر هەموویان مردوون، ئەدی ئەو چیرۆکە لە کوێوە هاتووە؟ خۆ کەرەکە نەبوو!

مامۆستا دەڵێ: تۆ خەڵکی کوێی؟

دەڵێ: کوردستان.

مامۆستا دەڵێ: شەرتە ڕۆژێکی تر یەک کورد لێرە بێ، من وتار ناڵێمەوە!

■ جەلال – سوننەتە:

دایە ئایشە خەریکی نانکردن بوو؛ کابرای ڕێبوار خۆی کرد بە ماڵدا. هەر نانی لە تەندوور لێ کردەوە کابرای ڕێبوار خواردی؛

ـ ئەرێ کاکە بەخێر بۆ کوێ دەچی؟

ـ وەڵا خوشکم دەچمە بۆ لای شێخ.

ـ خێرە ئیشاڵڵا؟

ـ ئەوەی ڕاستی بێ مەیم(معدە) چووتە، بەس دەچم بۆ شفا!

ـ خوا شفای بەپەلەت بدا، تکایە لە گەڕانەوەدا ئێمە لە ماڵ نین و لە میوانین، لە درگا نەدەی!

■ سەرکەوت خۆشناو ـ باشووری کوردستان:

مەلایەک لە وتاری نوێژی هەینیدا دەڵێ: هەرکەس بەیانی زوو هەستێ و بێ بۆ مزگەوت و نوێژی بەیانی بکا، ئەوە خوا ڕزقی دەدا.

پیاوێکیش ڕۆژی دواتر هەر زوو هەڵدەستێ و دەچێ بۆ نوێژی بەیانی. لە ڕێگادا دز دەیگرن و هەرچەند پارەی پێیەتی لێی دەستێنن.

کابرا تووڕە دەبێ و دەچێ بۆ گیانی مەلا و دەڵێ: تۆ دوێنێ وتت هەر کەس زوو هەستێ و بێ بۆ نوێژی بەیانی، خودا ڕزقی دەدا، بەڵام من بەیانی زوو هەستام و هاتم بۆ نوێژ کەچی لە ڕێگادا ڕووتیان کردمەوە، لەبری ئەوەی ڕزقم بۆ بێ؟

مەلاش دەڵێ: کاکە ئەوان لەپێش تۆ هەستاون و خوداش ڕزقی ئەوانی دا!

■ عەلی ئەحمەدیزەڕ ـ مەهاباد:

- سێزدەبەدەر چۆن چوویە دەر؟!

وەڵڵا کاکە دەق و دۆغر بۆتان دەگێڕمەوە: ڕۆژی دوازدە، بابم بە مینگەمینگی هەواساردە و باران و لەنگێزەیە و سێڵاو دێ، جوابی دایکمی دەداوە. ئەویش هەر جارەو شتێکی بیر دەهێناوە کە بیکڕێ و لەبیری نەچێ!

قەدیمیان کوتوویانە: ئەگەر زۆر هات قەباڵە بەتاڵە؛ بابم ناعیلاج وەدەر کەوت و

پاش عەیامێکی باش بە هانکەهانک و شانی داچۆڕاوەوە خۆی بە حەوشەدا کرد:

ـ قاتوقوڕییە! وەڵڵا ئاوایان بۆ نوێژ و چاکە ڕاکردبا دنیا دەبووە شامی شەریف!

خۆ هیچ وەبەر ناکەوێ، ئەوە بوا دەکەن؟ بەخودای هەرچی دزنەبەرە و گورگنەخۆرەیە ئەمڕۆ خوردی دەکەنەوە!

دایکم بڕێک لە پرێسکان خورد بووە:

ـ ئەدی کوا مریشک؟

ـ نێوم نووسیوە بۆ سەعات چواری ئێواری!

خۆلاسە ڕۆژی سێزدە بە دەنگەدەنگی دایکم وەخەبەر هاتم.

ـ ئەوە نیوەڕۆیە، کەس لەو شارەدا نەماوە ئێمە نەبێ، یاخوا داوەشێن!

ـ کچێ ئەم هاتوهاوارەت لەچییە؟ بەو سەرمایە کێ دەچێتە دەرێ؟ خودا

هەڵناگرێ منداڵ نەخۆش دەکەون.

ـ ئادی ئادی حەسەنەزلە نەبێ لەگەڵ

بانگی بەیانی منداڵی بار کرد و ڕۆییشت.

هێن بەمشووری؛ هەموو خزم و کەست

خڕ کردووەتەوە و جێگات بۆ دابین کردوون!

تەلەفۆنی لێگدالێگداش، ئەرێ ساز بوون؟ دەچینە کوێ؟ کەنگێ دەڕۆین؟ پیواز و ڕۆنی ئاشەکەی زیاتر دەکرد و تەپڵی شەڕ دەنگی بەرزتر دەبوو.

لەپڕ بابم دەرگای پێک دادا و کوتی: وەڵڵاهی لەو ماڵەی ناچمە دەرێ دەی.

دایکم زانی تازە چی بۆ ناچێتە سەر،

سەعاتێک بە فرمێسک ڕژتن و تووک و

نزا لە بابم ماتەمی گێڕا و لەو کاتەوە هەورێکی ڕەش باڵی بەسەر ماڵی ئێمەدا کێشاوە. لەگەڵ شریخوهۆڕ و بریسکان، تەرزەی وامان ڕێدەهاڵێنێ، لاتراسکەمان پێ دەبەستێ!

بە سەرنجدان بە پیری و کەنەفتی بابم و نەبوونی کەیخودای دەستڕۆیشتوو، پێشبینی دەکرێ کەش و هەوا هەروا شڵەژاو و تۆقێنەر بێ و بەم زووانە خۆشی نەکاتەوە!

تا سێزدەی داهاتوو ئێوە ساغ و کوردستان ئاوەدان.

■ دڵدار:

چ بباریَ، چ نەباریَ!

کابرایەک دوو کچی بوو. یەکیانی دا بە وەرزێرێک و ئەوەی دیکەشی دا بە کورەخانەچییەک. ڕۆژێک کابرا بە ژنەکەی دەڵێ: ژنەکە! بوخچەی سەفەرم بۆ وەپێچە، با سەردانێکی کچەکان بکەم. کابرا سەرەتا دەچێتە ماڵی کچە وەرزێرەکەی. لە زاواکەی دەپرسێ: کوڕم! بارودۆختان چۆنە؟

- وەڵڵاهی مامەگیان، ئەگەر ئەمساڵ باران بباریَ، وەک شا واین.

- خودا کەریمە! ئینشاڵلا بارانێک بەدڵی خۆت دەباریَ.

کابرا چەند ڕۆژێک لە ماڵی کچە دەمێنێتەوە و دواتر وەڕێ دەکەوێ بۆ ماڵی کچەکەی دیکەی کە کورەخانەیان بوو. ڕوو لە زاواکەی دەکا و دەپرسێ: کوڕم! بارودۆختان چۆنە؟

- وەڵلاهی مامەگیان چیت عەرز کەم، ئەگەر ئەمساڵ باران لێگەڕێ و نەباریَ و خشتەکان زوو ویشک ببنەوە، خێرێکی باش دەکەین.

- خودا کەریمە کوڕم، ئینشاڵلا خودا بەدڵی خۆتت لەگەڵ بکا.

کابرا دوای چەند دەگەڕێتەوەماڵێ.

ژنەکەی بەرەوپیری دەچێ و دەڵێ: بەخێر بێیەوە پیاوەکە، دەنگوباسی کچەکانمان؟ باش بوون شکوور؟

- وەڵڵاهی حافرەت، ئەمساڵ چ بباریێ و چ نەباریێ، یەکیان بە گونمدا دەڕی، جا نازانم کامیان!

- ئێرانیش وای لێ هاتووە؛ چ بباریێ و چ نەباریێ، هەر خەڵکی هەژارە کە قوڕی وەسەر دەبێ!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Renat Renee-Ell